# خولانەوەی سێو و قەرەبووکردنەوەی لەدەستچووەکان



شەمس لەنگەروودی
لەفارسییەوە: ڕێزان حەسەنی

باران

هومام تەبریزی یەکێك لە شاعیرانی باش و سەرکەوتووی کۆتاییەکانی سەدەی هەفتەم و سەرەتای سەدەی هەشتی هەتاوی بوو. هەرچەند ئازەری بوو، بەڵام بە زۆری شیعری بەفارسی دەنووسی و بەرابەرکێی سەعدی شیرازی دەکرد، بەڵام هەرچی کرد لەکارەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو ، سەرەنجام لە شیعرێکدا نووسی" هومام قسەکانی جوان و شیرینن، بەڵام چ کەڵکی نییە، چونکە شیرازی نییە" لەبەرئەوەی دەیبینی سەرەڕای هەموو ئەو شیعرە جوانانەی رێز لەو شاعیرانە دەگیردرێت و لە سەرەوە دایاندەنێن، کە ناوەکەیان بە شیرازی کۆتایی پێدێت. وادیارە ئەمە رەسمی رۆژگارەو بە کۆمەڵێك هۆکاری زۆر ئاڵۆز کەسانێك قسەکانیان نابیسترێت و هەندێ لە بەرهەمەکان نابینرێن، بەڵام ئەگەر بێت و رۆژێك بە هۆی بەردەوامێتی و توانا، یان هەر شتێکیترەوە ئەو هونەرمەندەی، کە نەدەبینرا و کەس شتەکانی وەرنەدەگرت، لەپڕ وەربگیردرێت و ناو دەربکات، ئەوکات هەموومان لەو سەری بانەکەوە دەکەوینە خوارەوەو ئەوەندە بە شان و باڵیدا هەڵدەدەین، خۆشمان هەندێ جار پێمان سەیردەبێت. بۆ وێنە بە کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز، شیعر و شاعیربوونی حافز و کەسانی وەك ئەو وەرناگرین، بەڵام دوای ئەوەی ناتوانین لە ژێرکاریگەری شیعرەکانی دەرچین، ئەوەندە بەرزی دەکەینەوە، کە پێیدەڵێین (لسان الغیب)، بە شێوەیەك کە کەس نەتوانێت رەخنە لە شیعرەکانی بگرێت. لە سەردەمی سەفەوییەکاندا، وەك شتێکی پیس و گڵاو چاویان لە مەسنەوی مەعنەوی دەکرد و بە مقاش دەیانگرت و ئەملاو ئەولایان پێدەکرد، بۆئەوەی دەستیان بەری نەکەوێت و دەستیان گڵاونەبێت، دواتر ئەزانین چۆن دەربارەی مەسنەوی مەعنەوی قسەدەکرا و دەکرێت. فێردۆسی و نیما و شاملوو، هەروەها کەسانی تریش.

سەردەمانێك لە دەیەی 30 هەتاوی (دەیەی 1950ی زایینی) لەلایەن شیعر دۆستەکانەوە، ئەوەندە بە شیعری شاملویان وتبوو شیعر نییە و بە خراپە باسیانکردوو، شاملو وتبووی، وازملێبێنن ئەمانەی دەینووسم شیعر نین. ئەم نووسراوانە ئەوەندە لە شیعری دڵخوازی ئێوەوە نزیکە، کە بوودا لە بووداپستەوە نزیك بێت، بەڵام دواتر بینیمان چی روویدا، هەرچی شاملو وتی بوو بە قسەی نەگۆڕ و بێ ئەملاو ئەولا وەردەگیرا. دەربارەی هەرکەسێك هەرچی وت، وەك وەحی چاوی لێکرا. ئەم قسانە بەو مانایە نییە، کە بڵێین سەرەنجام هەمووان بە نرخ و بەهای بەرهەمە هونەرییەکان دەزانن، نە بە پێچەوانەوە. دەمەوێت بڵێم نە وا نییە و لێیتێناگەن و ئێستەش ئەگەر کەبابی نیمامان ببێت بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە، کە بە هەموو لایەکەوە لە نیما تێگەیشتووین، بە پێچەوانەوە خەریکی قەرەبووکردنەوەی ئەو شتەین لە مێژوودا روویداوە، نرخ و


حافز



ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی

**شیعری ئەحمە دڕەزا ئەحمەدی لەو جۆرە شیعرانەیە، کە لە دونیا بە «شیعری ڕەسەن» ناوی دەبەن، واتە شیعرێك کە لە بری ئەوەی خەریکی دەربڕینی مانا و گێرانەوە بێت، هەستێك لە مانا، بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە**

بەهای ئەم ناودەرکردنە، لەوەی کە گومناوەو کەس نایناسێت زۆرتر نییە. ئەم کارانە زیاتر پەرچەکردارین، وەك ئەوەی سێوێك کە بەرەو لایەك بڕوات، دواتر کە ئازادکرا بەرەو لاکەی تر دەسووڕێتەوەو ئەوەندە ئەم هات و چۆیە بەردەوامە، تا لە شوێنێك دەوەستێت.

ئەوانەی ئاگاداری کارەکانی منن، دەزانن کە من لایەنگری شیعری ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدیم. بەتایبەت هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەو بەلامەوە لە هەر شتێك گرنگترە- بە شێوەیەك تەنانەت کاریگەری لەسەر دادەوریکردنی من لەسەر شیعری ئەو داناوەو ئەمەش ڕەخنەیە، بەڵام ئێستە کە دوای چل ساڵ شیعرەکانی بەختیان لەگەڵە و لەلایەن هەموانەوە وەرگیراون، من ڕەخنەیەك کە لە ڕویی زانستەوە لەکارەکانی بگیردرێت، لەوە پێم باشترە، کە بکەویتە ناو شەپۆل و لایەنگری لێ بکەیت، یان هەڵپەرەستانە لایەنگری بیت. هەرچەند حاڵەتی یەکەم دەبێت، بە هۆی خۆشحاڵی شاعیرەکە و حاڵەتی دووهەم خوشحاڵی مێژوو. نیمای مەزن وتەنی، سەرەنجام ئەوەی هێلەکێکی بەدەستەوەیە، لە پشت سەرمانەوە دێت. ئەوە کە نرخ و بەهای هەر کارێك دیاریدەکات، نەك کۆمەڵێك قسەی تاریفدانەوە، کە بەختەوەرانە ئەحمەدی وەك خۆی لە " دوو هەنگاو ماوە بۆ بەرەبەیان" دەڵێت ئەم شتانە ناخوێنێتەوە.

بە کورتی شیعری ئەحمەدڕەزا ئەحمەدی لەو جۆرە شیعرانەیە، کە لە دونیا بە "شیعری ڕەسەن" ناوی دەبەن، واتە شیعرێك کە لە بری ئەوەی خەریکی دەربڕینی مانا و گێرانەوە بێت، هەستێك لە مانا یان ماناکان دەگوێزێتەوە بۆ بیسەر، یان خوێنەر. نوسینی شیعری ڕەسەن، کاری هەموو کەس نییە، پێویستی بە توانای شاعیری و ئەزموون هەیە. شیعری ڕەسەن- کە نێرۆدا دژی بوو- وەك مۆسیقا و شێوەکاری مۆدێرن بە شوێن ئەوەوە نییە، باس لە بابەتێك، یان چەمکێك بکات، بۆ وێنە باس لە جەنگ بکات، بەڵکو لە ڕێگای تێکەڵکردنی وشەکانەوە، هەر چەند هەندێ جار پەیوەندییەکی دیاریکراویان لەگەڵ یەکتر نییە، دەیەوێت کەش و هەوای جەنگ، یان تەنیایی بە وێنا بکێشێت و ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی لە بەشێکی زۆر لە شیعرەکانیدا- بە تایبەت شیعرەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییدا- گەیشتۆتە ئەم ئاستە. ئەوەی لە لێکدانەوەی ئەمجۆرە شیعرانەدا گرنگە، گەیشتنە بە میکانیزمی بە کردە دەرهێنانی ئەو وزە نووستووەی، کە لەم فەزا شیعرییەدا هەیە، ئەو کارەی کە شاعیر زۆر بە ئارامی پێیدەگات و بڕیارویە ڕەخنەگرێك بیدۆزێتەوە. هەمووومان ئەزانین ئەمجۆرە ڕەخنانە، هەر چەند داهێنەرانەش بێت، بۆئەوە نییە شاعیر فێری شتێك بکات، بەڵکو بۆ خوێنەرەکان و فێرکردنی شاعیرانی ترە. ئەویش نەك بۆئەوەی وەك ئەو بنووسن، بەڵکو بۆئەوەی ئەوان بە هەندێ فەزا و کەش و هەوای تر بگەن و هەستەکانی خۆیان دەربڕن. ڕەخنە لەسەر شیعری ئەحمەدی تا ئێستا، بەزۆری ئەو ڕەخنانەی کە هەیە( نەك هەمویان) باسکردنە لە پەسەندکردنی ئەمجۆرە شیعرە، یان پەسەندنەکردنی ( لەوانە وتارێکی من لە گۆڤاری گەوهەران تایبەت بە ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی) کەمتر باس لەم دۆزینەوەو گواستنەوەی توانایەکراوە، ئێستە کە شیعرەکانی ئەو وەردەگیردرێت و دەخوێنرێتەوە، لامواویە باشتر ئەوەیە سەرجەم لایەنەکانی شیعرەکانی بدرێتە بەرباس و خوێندنەوە.

ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی



http://shamselangeroodi.blogfa.com/post-129.aspx